پۆلی یەکەم

1- فێربوونی ئەلف و بێی ئینگلیزی بە شێوەی دەنگ، تەنها پیتە بچووکەکان واتە«Small letter»

2- فێربوونی چەند ووشەیەک کە سەرەتاکەی بەو پیتانە دەستی پێکردبێ لەگەڵ ناوی ئەو شتانەی دەوروبەریەتی.

3- فێربوونی ژمارە لە «1 تا 10» خوێندنەوە و نووسین

4- فێربوونی ڕەنگە سەرەکییەکان

5- دارِشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، ....هتد»

پۆلی دووەم:

1- فێربوونی ئەلف و بێی ئینگلیزی بە شێوەی «گچکە و گەورە» بە دەنگ و ناو

a- Small letter cases

b- Capital letter cases and the letter names «خوێندنەوەو نوسین»

2- زیاد کردنی چەند وشەیەک کە مەوداکەی فراوانتر بێت، لە پۆلی یەکەم، وە سەرەتای وشەکان بە پیتەکان دەست پێبکات

3- فێربوونی ژمارە لە «11 تا 20» خوێندنەوە و نووسین

4- فێربوونی ڕەنگەکان بەشێوەیەکی فراوانتر لە پۆلی یەکەم

5- فێرکردنی چەند ڕستەیەکی کوورت بەشێوەی ڕێزمانی کە پرسیار و وەڵام دروست بکات، بە شێوەیەکی سادە و ساکار، خوێندنەوەو نووسین.

6- دارِشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، ....هتد» بە نووسین.

«Picture, Story, Songs, Games, Chant….etc»

پۆلی سێیەم:-

1- سەرەتای کتێبەکە پێداچوونەوە بێت بۆ سەرجەم بڕگە و بابەتەکانی ساڵی پێشوو.

2- زیاد کردنی ووشەی نوێ فرەوانتر.

3- فێربوونی ژمارە لە «20 تا 100» بە خوێندنەوە و نووسین.

4- فێربوونی ڕستەی ڕێزمانی بەشێوەی گفتوگۆ کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەشێوەیەکی ئاسایی بەکاریان بهێنێت.

5- فێربوونی خوێندنەوە و نووسینی «پیت، وشە، ڕستەی کورت».

6- دارِشتنی پرۆگرامی خوێندن لەسەر شێوازی «چیرۆک، گۆرانی، یاری کردن، وێنە، وە زیاد کردنی حونجە کردنی چەند وشەیەک» Spelling, Pronunciation

7- دانانی چەند چالاکییەک کە هاندەربن بۆ فێربوونی زیاتر ڕوونتر.

8- بوونی چەند ڕستەیەکی بە نرخ، وەک پەند «لە ژێرەوەی چەند لاپەڕەیەک»